# نووسینەوەی مەنهەجەکان ,لەئاستانەی کۆنفرانسدا

## فایەق سەعید

ئەگەر بۆم هەبێت لەنێوان مەنهەجێکی نوێ و دیداکتیکێکی (زانستی وانەووتنەوە) نوێدا تەنها یەکێکیان هەڵبژێرم ئەوە من دووەمیان هتەڵدەبژێرم. ئەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نیە کەچاککردنەوەی مەنهەجەکان کەوەزارەتی پەروەردە بەنیازە لەکۆنفرانسەکەی خۆیدا قورسایی بخاتە سەر گرینگ نیە، بەڵکو بەو مانایەیە مەنهەجێکی نوێ ناتوانێت ببێتە هۆی لەدایکبوونی دیداکتیکێکی نوێ، بەڵام بەپێچەوانەوە شێوازی وانەووتنەوەیەکی نوێ دەبێتە هۆی گۆڕینی مەنهەجەکان. تاوەکو ئێستاش لەبەر ئەوەی شێوازی وانەووتنەوەکانمان (وەکو بەشێک لەدیداکتیک) زۆر کۆنن بۆیە شکستمان لەهەموو پرۆسەکەدا هێناوە، بەڵام ئەگەر بێت و ئەو شێوازانەمان تازەبکەینەوە ئەوە لەگەڵ بەکارهێنانی هەمان مەنهەجە کۆنەکانیشدا دەتوانین کۆمەڵێ شتی هاوچەرخ و بەنرخ بێنینەدی کەبەشێکیان بریتین لەهێنانەکایەوەی لەخۆبوردوویی، یەکتر قبوڵکردن، رێزگرتن لەرای جیاوازی یەکتر، داهێنان، رەخنەگرتن لەبابەتەکان نەک لەکەسەکان، یەکسانی، پاراستنی مافی یەکترو لەکۆتاییشدا فێری ئەوە دەبین چۆن شتەکان بخەینە ژێر پرسیارەوە. ئەم خاڵەی کۆتایی وامان لێدەکات ئەو مەنهەجە کۆنانەش کەبەکاری دێنێن بیانخەینە ژێر پرسیارەوەو دواتریش بیانگۆڕین.

رەنگە هەمووومان بەبەرپرسە پەروەردەییەکانیشەوە لەسەر ئەوە کۆک بین کەتا ئێستا شتێکی ئەوتۆ لەمەنهەجەکان نەگۆڕاون. زۆر ئاستەمە وەزارەتی پەروەردە بەتەنیا بتوانێت ئەو مەنهەجانە بەشێوەیەکی پوخت بنووسێتەوە. گومانم نیە لەوەی بەشێکی گەورەی ئەو کەسانەی چەندین دەیەیە کتێبی قوتابخانەکان دەنووسنەوە بەزەحمەت دەتوانن ئەمرۆ کتێبێکی هاوچەرخ بنووسنەوەو جێگای مێتۆدیک و دیداکتیک و گۆرانکارییە خێراکانی تێدا بکەنەوە، بەڵام کەسانی بەتوانا لەدەرەوەی ئەو گروپە زۆرن. من زۆرم پێسەیرە کەسێک کەشارەزایی لەپرۆسەی گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەی **Cognative** (هەموو ئەو فاکتەرانەی پەیوەندییان بەپرۆسەی گەشەسەندنی بیرکردنەوەوە هەیە) منداڵان نەبێت چۆن دەتوانێت کتێبک بۆ یەکەم و دووەمی سەرەتایی بنووسێتەوە. چەندین نموونەی زەق لەکتبەکانی قۆناغی سەرەتاییدا هەن کەنیشانەی ئەوەن نووسەرەکانیان بەهیچ شێوەیەک شارەزاییان لەهەندێ زانستی هاوپەیوەند بەگەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەی منداڵان و مێتۆدیکەوە نیە کەلەپەنجاکاندا نووسراوون.

بۆ گۆڕینی مەنهەجەکان من پێشنیاری ئەوە دەکەم نووسینەوەی مەنهەجەکان لەو ناوەندگەراییەی ئەمرۆ ئازاد بکرێت و بەشێوەیەک لەشێوەکان بدرێتە دەست کەرتی تایبەت. من دەزانم ناوهێنانی کەرتی تایبەت لەبواری پەروەردەدا نیگەرانیەگی تا بلێی زۆر دەخاتەوە. منیش بەهەمان شێوەی ئەوان نامەوێ بەتایبەت بواری پەروەردەیی ئەمرۆ لەدەستی حکومەت دەربچێت بەڵام نابێ بواری پەروەردە بەو شێوەیەی ئێستا بمێنێتەوە.

من لێرەدا مەبەستەکەی خۆم بەنموونەیەک روون دەکەمەوە: بۆ نووسینەوەی کتێبی (بۆ نموونە) کیمیای پۆلی دووەمی ناوەندی دەبێ وەزارەتی پەروەردە مەرجەکانی نووسینەوەی ئەو کتێبە، بابەتەکانی، ناوەرۆکەکەی ... هتد دەستنیشان بکات. بۆ نموونە دەبێ لەو کتێبەدا باسی فشاری هەوا بکرێت. دواتر وەزارەت داوا لەنووسەرەکان بکات کەکتێبێکی لەو بابەتە بنووسنەوە. لەکۆتاییدا وەزارەتی پەروەردە لەوانەیە 20 کتێبێ فیزیای پێبگات. دوای لێکۆڵینەوە لەو کتێبانە لەوانەیە وەزارەتی پەروەردە 10 کتێب لەو کتێبانە بەباش و شیاو بزانێت کەهەموو مەرجەکانی وەزارەتی پەروەردەی تێدایە. دواتر وەزارەتی

پەروەردە دەتوانێت ئەو 10 کتێبە چاپ بکات. هەموو ئەم کتێبانە راستە تارادەیەک یەک ناوەرۆکیان هەیە بەڵام بەشێوازو تەفسیرو نموونەو لێکدانەوەو تاقیکردنەوەو ... هتد جیاواز خراونەتەروو. ئەم جیاوازییە پێنج شتی گرینگمان بۆ دابین دەکات:

یەکەم ماموستاکان ئازادی هەڵبژاردنیان زۆر دەبێت و دەتوانن ئەو کتێبە هەڵبژێرن کەپێیان خۆشە. دووەم قوتابخانە جیاوازەکان دەتوانن کتێبی جیاواز بخوێنن. سێیەم ئەم جیاوازییە لەلایەک ئاسۆی بیرکردنەوەی خوێندکارەکان فراوانتر دەکاتەوەو لەلایەکی تریشەوە ئەوانیش فێری ئەوە دەبن کەدەکرێ بەچەندین رەهەندی جیاوازەوە لەهەمان گرفت بروانن. چوارەم پێشبرکێیەک لەبواری نووسینەوەی مەنهەجەکان دێتە ئاراوە کەدەبێتە هۆی ئەوەی لەلایەک نەوعیەتی کتێبەکانمان باشتر ببێتەوەو لەلایەکی تریشەوە وەزارەتی پەروەردە چیدی گرفتی کتێبی باشی نەبێت. پێنجەم بەم شێوەیە دەتوانین هەنگاوێک لەوڵاتە پێشکەوتووەکان نزیک بینەوە.

پێشنیارێکی دیکە لەم بوارەدا ئەوەیە کەنابێ هیچ کتێبێکی مەنهەج لەئێستا بەدواوە دەربچێت بەبێ ئەوەی کتێبێکی هاوشانی بۆ ماموستاکان لەگەڵدا دەربچێت کەدەکرێت ناوی رابەر بێت. ئەم ((رابەرە)) دەبێ دوو مەرجی سەرەکی تێدا هەبێت: یەکەم دەبێ پر بێت لەزانیاری، زۆر زیاتر لەو زانیارانەی لەکتێبەکاندا هەیە بۆ ئەوەی ماموستاکان تەنها ئەو شتانە نەڵێنەوە کەلەکتێبەکاندا هەیە. دووەم دەبێ هەندێ شێوازی وانەووتنەوەی تێدا هەبێت بۆ ئەوەی ماموستاکان بزانن چۆن بابەتێکی دیاریکراو بەخوێندکاران دەوترێتەوە. ئەم رابەر دەکرێ راستەوخۆ وەزارەتی پەروەردە خۆی دەری بکات یا بینووسێتەوە چونکە ماموستایەک زۆر لەنووسەرێک شارەزاترە لەشێوازەکانی وانەووتنەوە. دەشکرێ رابەرەکە بەهاوبەشی بنووسرێتەوە، واتە نووسەرەکان بەشی زانیارییەکان و وەزارەتی پەروەردەش شێوازی وانەووتنەوەکان بنووسنەوە. دوو مەرج بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکە گرینگن: شارەزابوون لەفیکری پەروەردەیی و تەرخانکردنی پارەیەکی باش بۆ نووسەرەکان.

**faiekk@hotmail.com**

.